




## هێرشبەری یانەی هەولێر شوان مامۆ:

# تا ساڵی2011 بۆندم لەگەڵ یانەی هەولێر مۆر کردووە

**لە ریزی یانەی وەرزشی هەولێر ژمارەیەک یاریزانی بەرچاو دەرکەوتوون کە هەر لە ئێستاوە خاوەن دواڕۆژێکی گەش و پرشنگدارن، بە تایبەتیش ئەو یاریزانە کوردانەی کە بەوپەڕی دڵسۆزییەوە بۆ شارەکەیان یاری دەکەن، کە یەکێک لەوانە یاریزان "حەیدەر قارەمان"کە ناسراوە بە "شوان مامۆ" کە یەکێکە لە یاریزانە بەتواناکانی یانەی هەولێر، ئەم یاریزانە لە دایکبووی شاری هەولێرە وچەندین دەستکەوتی وەرزشی لەگەڵ یانەکەیی بەدەستهێناوە، بۆیە لەنزیکەوە ئەم دیمانەیەمان لەگەلیدا ساز کرد:**

**دیمانە: عیماد قادر**

*** ئاستی ئێستای یانەی هەولێر چۆن دەبینی؟**

- ئێستا لە مەشق و راهێنانەکان و لە یارییە دۆستانەکانیش زۆر باشین بۆخولی عێراقیش زۆر باش خۆمان ئامادەکردوە ئەگەر بەشداریمان کرد بۆ ئەوەی ئەنجامی باش بەدەست بهێنین، چونکە خولی عێراق زۆر بە هێزە و ئەستێرەی گەشی وەرزشی زۆر تێدایە.

*** چۆن ئەم ساڵ بۆندت لەگەڵ یانەی هەولێر تازە کردەوە؟**

- ئەوەیان بە ئارەزووی خۆم بوو، حەزم دەکرد بۆند لەگەڵ یانەی هەولێر تازە بکەمەوە. ئێمە ئێستا تا ساڵی ٢٠١١بۆندمان مۆرکردوە ناتوانین یانەی هەولێر جێبهێڵێن.

*** ئەدی دوای ئەو ساڵە چ بڕیارێک دەدەی؟**

- تا ئەو کاتە بیرێکی لێدەکەینەوە، بەڵام ناشلێم یانەی هەولێر بەجێدەهێڵم، لەلایەکی دیکەوەش مرۆڤ نابێ بەپێش رووداوەکان بکەوێت، چونکە تا بۆندی ئێمە تەواو دەبێت دونیا بە چەند جۆرێک دەگۆڕێت.

*** یانەی هەولێر لە چ روویەک جیاوازی لە نێوان یاریزانە کوردو عەرەبەکان دەکات؟**

- رەنگە هەموو لایەک ئەو راستییە بزانێ کە لە زۆر روو جیاوازی دەکرێت، ئەو کارەش دەگەڕێتەوە بۆ خودی راهێنەر، بەڕاستی زۆر ناخۆشە ئەو کارەش دەکرێت، چونکە کاریگەری دەروونی بەجێدەهێڵێ.

*** ئاستی وەرزشی کوردستان چۆن دەبینی؟**

- خولی کوردستان لە هەموو بوارێک خولێکی سەرکەوتووە.

*** دەڵێن لە یانەی هەولێر ئەحمەد سەلاح هەموو شتێکە؟**

- ئێمە ناڵێین ئەو یاریزانە هەموو شتێکە، بەڵام لای راهێنەر ئەو نازەی دراوەتێ.

*** لە کام هێل کێشەتان هەیە؟**

- ئەگەرچی یاریزانی ئەفریقی " کاماراش " یان هێناوە، بەڵام لە هێڵی بەرگری کێشەمان هەیە.




أسماء الألوان / ٥٣٨ تصميم وةرزشي / الصفحة: ٦٨ / ٩/١/٠٤ / 12:11 AM




## وەزیری ڕۆشنبیری و لاوان:

# دەبێ بایەخ بە وەرزشی دەڤەری گەرمیان بدرێت

**ڕاپۆرت: تانیا- کفری**

بەمەبەستی بایەخ و گرنگیدان بەبواری وەرزش و لاوان لەدەڤەری گەرمیان، هەفتەی ڕابردوو بەڕێز (د.کاوە مەحمود شاکر) وەزیری ڕۆشنبیری و لاوان بەشداری لە دووەمین فیستیڤاڵی وەرزش و دێدەوانی کرد کە لەژێر ناونیشانی (وەرزش ئاشتی و خۆشەویستییە) بۆ شارەکانی دەڤەری گەرمیان سازدرا بوو. هەر لەو فیستیڤاڵەدا کە وەزیری ڕۆشنبیری و لاوان و هەریەک لە مەلا سەعید سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان و شێخ سەعید شاکەلی ڕاوێژکاری وەزیری ڕۆشنبیری و لاوان تێدا ئامادەبوون کەچەندین چالاکی وەرزشی بۆ یارییەکانی باڵە و باسکە و تۆپی سەرمێز و پایسکیلسواری و چادرگەی دێدەوانی بۆ کوڕان و کچان بەڕێوەچوو. سەرەتای فیستیڤاڵەکە بەدەقیقەیەک وەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدان دەستیپێکرد و دواتر ئاڵای کوردستان بەرزکرایەوە و لەلایەن وەزیری ڕۆشنبیری و لاوانەوە پشکنین بۆ چادرگەکان کراو هۆڵی داخراوی شێروانەش بەسەرکرایەوە، ئینجا چەند وتەیەک لەلایەن سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان و وەزیری ڕۆشنبیری و لاوانەوە خوێنرایەوە.



بەڕێز (د. کاوە مەحمود) وەزیری ڕۆشنبیری و لاوان لەوتەکەیدا خۆشحاڵی خۆی بەرامبەر بەکردنەوەی ئەو فیستیڤاڵە بۆ دەڤەری گەرمیان دووپات کردەوە و ئاماژەی بەوە کرد کە ئەم دەڤەرە وەک دەڤەرەکانی دیکەی کوردستان پێویستی بەوە هەیە لە هەموو ڕوویەکەوە بایەخ و گرنگی پێ بدرێت، بەتایبەتی لەڕووی وەرزشەوە کە هەموو خەڵکی داواکاری زۆری لەسەرە، لەبەرامبەر ئەوەشدا وەزیری ڕۆشنبیری و لاوان هەموو جۆرە هاوکاری و پشتگیری خۆی بۆ وەرزش و لاوانی دەڤەری گەرمیان دووپات کردەوە تا ڕۆڵەکانیان بتوانن پەرە بە حەز و ئارەزووەکانیان بدەن. هەر لەچواچێوەی کار و چالاکییەکانی ئەم فیستیڤاڵەدا کچانی کەلار لەیاری باسکە لە کچانی کفریان بردەوە، لە کوڕانیش دیسانەوە تیپی باسکەی کەلار لە تیپی باسکەی خانەقینیان بردەوە لەیاری تۆپی سەرمێزیش، ئەنجامی یارییەکان بەمشێوەیەی خوارەوە بوو:

١- ناحیەی سەرقەڵا پلەی یەکەمی بەدەستهێنا.
٢- ناحیەی ڕزگاری دووەم بوو.
٣- کەلاریش پلەی سێیەمیان مسۆگەر کرد.

---

## عەونی سەید ئەحمەد :

# جگە لە تۆپی پێ یاری باسکە و گۆڕەپان و مەیدانیشم کردووە

یاریزانی دێرینی شاری هەولێر( عەونی سەید ئەحمەد) لە ساڵی (١٩٦٩) لە قوتابخانەکان لەگەڵ یاریزانانی پێشوو ئازاد عەبدولرەحمان سەراج و جەمال حەمەدێ و ژمارەیەک وەرزشوانی دیکە دەستی بە وەرزشی تۆپی پێ کردووەو لە ژیانی وەرزشیدا بۆ یانەی برایەتی ئەوساکە،پاشان بووە یانەی هەولێر ،دواتر بۆ یانەکانی شوورتەی هەولێر و هەڵبژاردەی هەولێر لە هێڵی هێرشبەر یاریی کردووە ، کاتێک لەو یانانەش بووە لەگەڵ هەریەک لە یاریزانانی ئەو سەردەمە نەجات عەبدلواحید و نەریمان محەمەد و عەبدولئیلا و باقی حەیات و شێرزاد خەلیل و حازم عوسمان و خاڵس قۆجە یاریکردووە ،لە پاش ئەوانەش لە گەڵ هەریەک لە سەردار محەمەد و عومەر سەلیم و چەندانی دیکە درێژەی بە وەرزش داوە.

**سەید عەونی لەبارەی وازهێنانی لە یاریکردن گوتی:** ساڵی ١٩٨٢ بە هۆی پێکان و تەمەن گەورەییەوە بۆ دوا جار وازم لە یارییکردن هێنا و هەر ئەو ساڵەش ڕووم کردە بواری ڕاهێنەری و یەکەمین جار بوومە یاریدەدەری ڕاهێنەر محەمەد عوسمان کە ئەوساکە ڕاهێنەری هەڵبژاردەی هەولێر بوو ،پاشان بوومە ڕاهێنەری شوورتەی هەولێر ،دواتر دیسانەوە وەک یاریدەدەری ڕاهێنەر لەگەڵ خوالێخۆشبوو محەمەد خەلیل بوومە ڕاهێنەری یانەی وەرزشی هەولێر، پێم خۆشە ئەوەش بڵێم ساڵی (١٩٨٧) کاتێک مەشقی یانەی شوورتەی هەولێرم وەرگرت بۆ یەکەمین جار توانیمان جامی عێراق بە دەست بهێنین ، لە دوای ڕاپەڕینیش مەشقی یانەی تورکمانم وەرگرت و توانیم چەند ساڵێکیش ئەو یانەیە دووەم بکەم لە وێدا توانیمان گەلێک یاریزان دروست بکەین لەوانە یاریزان ڕافد بەدرەدین ئەوساکە لەلای من هێرشبەر بوو من وەک بەرگری لای ڕاست یارییم پێ دەکرد، **عەونی سەید ئەحمەد لە دوا پەیڤدا گوتی:** جگە لە تۆپی پێ یاری باسکە و گۆڕەپان و مەیدانیشم کردووە و ساڵی یەکەم لە ڕاکردنەکانی ٢٠٠ مەتری و ٤٠٠ مەتری یەک باز پاڵەوانی گۆڕەپان و مەیدان بووم.



**ئا: فەرهاد قادر**



أسماء الألوان / ٥٣٨ تصميم وةرزشي / الصفحة: ٦٩ / ٩/١/٠٤ / 12:11 AM



# کاسیاس: بیر لە یاری کۆتایی چامپیۆنس ناکەینەوە!



گۆڵپاریزی یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی ئیکەر کاسیاس سوورە لەسەر ئەوەی کەوا یانەکەی پێویستە سەرنجی یارییە نزیکەکان بکات وە نەک بیر لە یاری کۆتایی چامپیۆنزلیگ بکەنەوە چونکە هەڵەیەکی زۆر گەورەیە، یانەی ریال مەدرید چاوی لەسەر بەدەستهێنانی (١٠مین) نازناوی خولی چامپیۆنزلیگە لەم وەرزەوە دەیانەویت بگەنە یاری کۆتایی کە لەسەر یاریگای سانتیاگۆ بیرنابیۆ ئەنجام دەدرێت لە مانگی داهاتوو هەرچەندە یانەی ڕیال مەدرید ئامانجی زۆری هەیە لەم وەرزە بەڵام کاسیاس پێی باشترە کەوا زۆر باس لە ئامانجەکان نەکرێت، کاسیاس لە لێدوانێکیدا لەگەڵ ڕۆژنامەی AS ی ئیسپانیدا گوتی، هەڵەیەکی زۆر گەورە دەبێت ئەگەر بیر لە یاری کۆتایی بکەینەوە ئێمە ئامانجەکانی خۆمان داناوە لە ماوەیەکی کورتدا هەروەها کاتی زۆرمان لە پێشە بۆ دیارخستنی تواناکانمان چەندین یاریزانی نوێمان هەیە، بەڵام هەموویان یاریزانی ئاست بەرزن، هیوادارم کەوا هەردوو ئامانجی سەرەکی خۆمان بەدەستبهێنین لەم وەرزە کە خولی چامپیۆنزلیگ و لالیگایە.

**ئا: شیڤان نانەکەلی**

# ڕۆناڵدینهۆ سوورە لەسەر بەدەستهێنانی چامپیۆنس لیگا



ئەستیرەی میلان رای خۆی دەربڕی لەسەر ساڵی ٢٠٠٩ گوتی ساڵی رابردوو ئاستیان باش نەبوو جا چ بەشێوەی کۆمەڵ یان تاک،جەختیشی لەسەر ئەوەکردەوە کە ساڵی ٢٠١٠ ساڵی ئاهەنگ گێڕانی میلان دەبێت، بە بەدەستهێنانی دووجام کە بریتین لە ئسکۆدیتۆ و چامپیۆنس لیگا، ئەستێرەی پێشووی بەرشلۆنە لە درێژەی وتەکانیدا لەگەڵ رۆژنامەی کوبرییری لاگازێتا دیلۆ سپۆرتدا گوتی: ئەم ساڵە نزیک بۆتەوە لە کۆتایی، هەروەها ساڵی داهاتوو میلان باشتر دەبێت ئێمە سیریا ئەی و چامپیۆنس لیگامان دەوێت، میلان بەردەوام دەبێت لەسەر رکابەری خەونەکانی تا کۆتایی وەرز، هەروەها ئارەووزی یاریکردنی لە مۆندیالی ئەفریقیا کە بە مۆندیالی رەش ناسراوە نەشاردەوە لە ریزی سامبا، بەدڵنیاییەوە خەون بەوە دەبینیم بەشداری لە جامی جیهانی بکەم و ئاستێکی جوان پێشکەش بکەم کە دۆنگا رازی بۆ گەڕانەوەم بۆ نێو یاریگاکانی وڵاتەکەم و شان بە شانی هەریەک لە رۆبیینهۆ و کاکا یاریبکەم.

**ئا: محەمەد ساڵح**

# بۆچی لە کوردستان یاری فوتساڵ جێی بایەخ نییە؟

**شایان ئەحمەد**

ئەوەی مایەی پرسیارێکی زۆرە کە بۆچی لە کوردستان یاری فوتساڵ جێی بایەخ و گرنگی نییە ؟ ئەگەرچی لەو رووەوە زۆر هەوڵدراوە بۆ ئەوەی هیچ نەبێ یانەیەک لە شاری هەولێر یان دهۆک بچێتە ریزی پلە نایابی عێراق ، یان کوردستان ، بەڵام بەداخەوە وادیارە کەس ئامادەیی خۆی لەو ڕووەوە پێشان نەداوە.

سەبارەت بەوەی ئایا لە شارەکانی کوردستان یانەیەکی دیارکراو نییە بایەخ بەو یارییە بدات ، دیارە ساڵانێک پێش ئێستا کە لە شاری سلێمانی یانەی نەورۆز و پێشمەرگەو لە شاری کەرکووکیش چەند یانەیەک بەناوی حەمرین و سۆڵاڤ و سەورە بەشداریان کرد ، یانەی نەورۆز ساڵی یەکەم لە کۆمەڵەی خۆیدا نەیتوانی سەرکەوێت بۆ قۆناغی کۆتایی ، بەڵام توانی پلەی دووەم بەدەست بهێنێ ، هەچی ساڵی پارەکەیە لە کۆمەڵەکەی خۆیدا یەکەمی بەدەست هێنا و توانی خولی یەکەمی نایابی فوتساڵی عێراق بەدەست بهێنێ.

هەرلەبارەی پاڵەوانییەتی فوتساڵی یانەکانی ئاسیاش بڕیاربوو ئەو پاڵەوانییە لە شاری ئەسفەهانی کۆماری ئیسلامی ئێران بەڕێوە بچێت ، بەڵام بەهۆی ئاڵۆزی بارو دۆخی ئەوساکەی ئێران بۆ مانگی نیسانی داهاتوو دواخرا.

هەروەها دەبێ راگەیاندنی وەرزشیش لە پشت سەرکەوتنی ئەو کارەدابن بۆ هاندانی یانەکان ، چونکە ئەو یارییە هێندە خەرجی و مەسروفاتی ناوێ وەک یارییەکانی دیکەی وەرزشی ، پاشان ئێمە لە هەر چوار شارەکەی کوردستان گۆڕەپانی یاری بچووکمان گەلێک زۆرە، هەروەها دەتوانین سوود لە ئەزموون و لێهاتوویی وڵاتی ئێران وەربگرین کە دراوسێییەکی هەرە نزیکمانە و دەتوانین بە ئاسانی هاتوچۆیان بکەین ، چونکە ئەو وڵاتە رۆڵێکی دیار و بەرچاوییان هەیە لەو یارییە و ٥ جار لەسەر یەک توانی پاڵەوانییەتی ئاسیا بەدەست بهێنێت.



أسماء الألوان / ٥٣٨ تصميم وةرزشي / الصفحة: ٧٠ / ٩/١/٠٤ / 12:11 AM




# بە هیوای سەلامەتی بۆ مامۆستا فاروق سەید حەسەن



ماوەیەکە وەرزشوانی ناسراوی شاری هەولێر مامۆستا " فاروق سەید حەسەن " بە هۆی نەخۆشیەوە لەسەر جێگا کەوتووە و باری تەندروستی خراپە ،

مامۆستا " فاروق سەید حەسەن " ساڵانێکی زۆر خزمەتی وەرزشی شاری هەولێری کردووە و چەندین ڕۆڵەی بە ئەمەکی ئەو شارەی پەروەردە کردووە و ماوەیەکی زۆریش سەرۆکی دەستەی کارگێری یانەی وەرزشی هەولێر بووە و ڕۆڵێکی دیار و بەرچاویشی هەبووە لە نوژەنکردنەوەی " باخی شار " بۆ توێژی خانەنیشان ،

بۆیە بەناوی گۆڤارەکەمان هیوای ساغیی و سەلامەتی بۆ مامۆستای بەڕێز دەخوازین و لە خودای مەزن داواکارین هەرچی زووە مامۆستای بەڕێز چاک ببێتەوە و بگەڕێتەوە نێو دۆست و وەرزشوانان.

# میسی : ئیسپانیا جامی مۆندیالی 2010 بە دەست دێنێ




ئەگەرچی پێشبینی کردن بۆ ئەنجامی یارییەکان کارێکی هێندە ئاسان نییە ، ئەوەتا هێشتا یارییەکانی مۆندیالی ٢٠١٠ ی باشووری ئەفریقیا چەند مانگێکی ماوە دەست پێ بکات ، کەچی وەرزشوانان و هەوادارانی وەرزشی هەر لە ئێستاوە پێشبینی خۆیان لە هۆیەکانی ڕاگەیاندن و میدیاکانی وەرزشی بۆ بە دەست هێنانی جامەکە دەردەبڕن و هەرکەسە و بە ئارەزووی خۆی پەنجە بۆ هەڵبژاردەیەک درێژ دەکات و هەر لە ئێستاوە بە پاڵەوانی جامەکەی دادەنێت ، ئەوەتا ئەستێرەی تۆپی پێی یانەی بەرشلۆنەی ئیسپانی و هەڵبژاردەی ئەرژەنتین " لیونیل میسی " زۆر بە ڕاشکاوی لەبارەی مۆندیالی ٢٠١٠ ی باشووری ئەفریقیا وەڵامی گەلێک پرسیاری جۆرا و جۆری دایەوە و بەو شێوەیەی خوارەوە هاتە وەڵام:

*** پێش ئەوەی بچینە نێو پرسیار و وەڵامەکانەوە، تۆ پێت وایە کام هەڵبژاردە جامەکە دەباتەوە؟**

– ئەگەرچی ئەوەیان پرسیارێکی قوورسە، بەڵام بەڕای من هەڵبژاردەی ئیسپانیا جامەکە دەباتەوە.

*** چۆن هەر لە ئێستاوە ئەو پێشبینیە دەکەی؟**

– دەبێ هەمووومان دان بەو ڕاستیەدا بنێین، کە ئێستا هەڵبژاردەی ئیسپانیا باشترین هەڵبژاردەیە لە جیهان، ئەو هەڵبژاردەیە خاوەن ئەدایەکی زۆر باشن لە تۆپی پێ و هەست دەکەم یاریزانەکانی بە بڕوایەکی پۆڵایینەوە یاری دەکەن.

*** ئەدی چ پێشبینیت بۆ هەڵبژاردەکەی خۆتان چییە؟**

– هەموو لایەک دەزانێ ئێمە زۆر بە زەحمەت بۆ مۆندیال سەرکەوتین، دیارە بۆ ئەو سەرکەوتنەش "مارادۆنا "زۆر کارتی بەکارهێنا، بەڵام کە گەیشتین بە مۆندیال ئیدی ئەرکی هەمووومان قورستر دەبێت، بەتایبەتیش کاکی ڕاهێنەر ئەویش لە دانان و گۆڕینی پلانی یاریکردن و لەتەکنیک و تەکتیکی یاریکردندا، چونکە هەر قۆناغێک لە قۆناغەکان جۆرە خۆ ئامادەکردنێکی پێویستە .

**ئا : عەبدولستار جەبار**



أسماء الألوان / ٥٣٨ تصميم وةرزشي / الصفحة: ٧١ / ٩/١/٠٤ / 12:11 AM